# کچانی پاڵەوانی باسکەی کوردستان یانەی سەنحاریب

رزگار بایز



دەڤەری بادینانیش لەوەرزشدۆست و وەرزشکاران بێ بەش نیە ، بۆیە ئەم جارەیان ڕوو دەکەینە یەکێك لە یانە هەرە بە هیزەکانی کوردستان لە یاری تۆپی باسکە و بالەدا لە دەڤەری بادینان ئەویش تیپی یانەی سەنحاربی پاریزگاری دهۆکە .

تیپی باسکەی یانەی سەنحاریب یەکێکە لەباشترین یانەکانی کوردستان لە سەر ئاستی کچان. ئەم یانەیە ساڵی ١٩٩٢لـە لایـەن د. مارسیل زەیـە بە هاوکاری لەگەڵ چەند وەرزش کاریکی شـاری دهـۆك دامــەزراوزە . بارەگای یانەکەش لە گەرەکی شەهیدانە لە شاری دهۆك .

### دامەزراندی یانەی سەنحاریب

سەرۆکی یانەکە لە سەرەتاوە هەوڵی داوە تیپیکی بە هیزی کچان دروست بکات بۆئەوەی شان بە شانی یانەکانی تـری کـوردسـتـان کـێ برکی بکات لە سەرجەم یاریەکاندا ، بە تایبەتی یاری باسکەو بالە . تیپی کچانی باسکەو بالەی یانەی سەنحاریب لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ٢٠٠٥ توانیویەتی لـە شـاری دهۆك پاریزگاری لە نازناوەکەی بکات و پلەی یەکەم بە دەست بهێنێت . ساڵی ٢٠٠٠ یەکەم دەستکەوتی تیپی کچان لە یاری باسکەدا دەستەبەرکردنی پلەی دووەم بـوو لـە سـەرئـاسـتـی عـــیراق، ئـەو دەستەکەوتەش کاریگەریکی زۆری لەسەر دەستەی کارگیرانی یانەکە هەبوو، هەربۆیە ئەوانیش توانیان پشتیوانی و هاوکاری تیپی کچان بکەن لە هەردوو یاری باسکەو بالەدا ، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ دا تیپی تۆپی دەستی کچانی یانەکە دەست کەوتێکی تریان بۆیانەکە تۆمار کرد ئەویش نازناوی پاڵەوانێتی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بوو ، هەرلەو ساڵەشدا لە پاڵەوانێتی پاسکیل

سـوارىدا تيپى كـچان ئەنجاميكى بەرچاويان بە دەست هينا لەئاستى هەريمى كوردستاندا، لە يارى بالەى پاڵەوانێتى يانەكانى عيراقدا لەساڵى ٢٠٠٥دا تيپى كچان پلەى سێيەميان مسۆگەركرد، هەرلەهەمان ساڵدا و لە يارى بالەدا لە پاڵەوانێتى يانەكانى كوردستاندا پلەى يەكەميان بە دەست هينا .

لە ساڵى ٢٠٠٦ دا تيپى كورانى پێشكەوتوانى باسكەى يانەكەبەشداريان لە پاڵەوانتى باسكەى يانەكانى عيراق دا كرد و پلەى دووەميان مسۆگەر كرد، لـەوەرزى ٢٠٠٨دا تيپى كچانى يانەى سەنحاريب دوو دەستكەوتى تريان بۆ يانەكە تۆمار كرد ، يەكەميان توانيان پلەى يەكەمى يانەكانى كوردستان بە دەستبهێنن و دووەميش نازناوى جامى سۆپەرى يانەكانى هەريمى كوردستان مسۆگەر بكەن كە لە يارى كۆتاييدا لە يـانـەى ئـەكـەدى هـەولـيريـان بـردووە يارييەكەش لە هۆڵى داخـراوى يانەى پيشمەرگەى سليمانى كرا .

لە ساڵى ٢٠٠٩ دا تيپى كچانى يانەكە پلەى سێيەمى يانەكانى عێراقيان لە يارى بالەدا بەدەستهێنا و هەرلەوساڵەشدا توانيانيان لە هەمان چالاكى يارى بالەدا دا پلەى يەكەم لە سەرئاستى يانەكانى كوردستان بە دەست بهێنن .



تيپى كـچـانـى يـانـەكـە توانـنيان



ميژوويەكى پڕسەروەرى بۆ يانەكە تۆمار بـكـەن سـەرەڕايــى ئـەو هـەمـوو دەستكەوتانەش لە ساڵى ٢٠٠٤-٢٠٠٥دا هـەڵـبـژاردەى تيپى باسكەى عـيراق بانگهێشتى ٥ ياريزانى ئەو يانەيەىكرد بۆ ريزى هەڵبژاردەكە ، ئەو ٥ ياريزانە لە پاڵەوانێتى رۆژئـاواى ئاسيا لە يارى باسكەدا ئاستێكى جوان و بەرزيان كرد.

ئـەوەى جێى سەرنجە ٧ ياريزانى يانەكە ئەندامى يەك خێزانن ويێك هاتوون لە ٤ خوشك و ٣ برا ، باشترينيان كچە ياريزان ئاتا داود ربـن، لە كورانيشدا ياريزان مۆرين داودە و ئێستا ئەو ياريزانە وەك راهێنەرى تيپى لاوانى يانەكە لە يارى باسكەدا دەست بەكارە و ياريزانى سەرەكى تيپى هەڵبژاردەى باسكەى عيراقيشە .

**تێبينى**: سەرجەم ئەندامانى تيپەكانى ئەم يانەيە مەسيحين

**باشترين ياريزانەكانى يانەكە:**

١.يـاريـزان مۆرين داود بە باشترين ياريزانى تۆپى بالە لە ساڵى ٢٠٠٦ دادەست نيشان كرا .

٢.لە ساڵى ٢٠٠٥ دا كچە ياريزان (ئاتا داود ربن) بە چاكترين ياريزانى تۆپى باسكەى يانەكانى هەرێمى كوردستان هەڵبژێدرا

٣.لە ساڵى ٢٠٠٨دا كچە ياريزان (ئاتا داود ) بە باشترين ياريزانى ئەو ساڵە دەست نيشان كرا .